تەوەر

# سەباح ڕەنجدەر



# شیعر لە نێوان خودیەتی تاك و ئەوانی کۆدا

## دەقی (لە کتێبخانەی تایبەتی بابا تاهیردا)ی (سەباح ڕەنجدەر) بە نموونە



د.حەمە مەنتک





**پێشەکی:**

هەمیشە لە کاتی بەرکەوتن و توێژینەوە لە دەقێکی شیعری دەبێ ئەو ڕاستیەمان لەبەر چاو بێت، کە ئەو دەقە شیعرییە لە هەناوی خۆیدا زیادتری لەوەی دەردەکەوێ، هەڵگرتووە. بۆیەیش دەقی شیعری داهێنەرانە دەبێ ئەو واقیعەکەی تێپەڕێنێت. تەنانەت لە هێندێ باردا دەبێ ببێتە هۆکارێک بۆ بنیادنانی کۆمەڵێکی نوێ، کە پێوەر و بەهای جێگری هەبێت. لەو جۆرە دەقانەدا توێژەر هەوڵی بەرهەمهێنانی، یان دۆزینەوەی بنیادە زمانییەکان، چ حەقیقی یان خوازەیی بێت، هاوکات فرەیی واتا. زمانی شیعر، زمانێکی سرکە، بە سانایی ناگیرێت. زمانێکە هەڵگری کۆمەڵێ لایەنی هونەرییە، خوێنەر بە هەستە ئاساییەکانی ناتوانێت کەشفیان بکات (بێگومان مەبەستمان لە شیعری داهێنەرانەیە.) بۆیەیش هەمیشە خوێنەر دەبێت لە زەینی خۆیدا بە شێوازێکی خوازەیی ئەو دەقە دابڕێژێتەوە، بۆ ئەوەی بچێتە قووڵایی خودییەتی دەق و دوور کەوێتەوە لە شیکردنەوەی واقعیانە.

**یەکەم: ململانێی خود و ئەوانی دیکە**

شیعر مەیدانی ململانێی خود و ئەوانی دیکەیە، چونکە شاعیر بەردەوام لە هەوڵی خۆ جوداکردنەوە و بوون بە خود دایە. بۆ ئەمەیش شیعر پێویستی بە زمانێکی پڕ لە نهێنی هەیە. ئەم زمانە هەوڵێکە بۆ خولقاندنی واتا. (خولقاندنی واتاش پێویستی بە پرۆسەیەکی تێروتەسەل هەیە، کە دەبێ خوێنەر بە هەناسە درێژییەوە خەریکی بێت.) [ئیبراهیم، 2012، ل140] زمانی شیعر، یان شیعر بریتییە لە تێکشکاندنی ئەو سیستەمەی ئێمە بە هۆیەوە لە یەکدی دەگەین. (شیعر لەوەدا قووڵتر دەڕوات، چونکە هەوڵێکی بەردەوامە بۆ ئەوەی بگاتە سنوورێک کە زمان ناچار بکات دژی خواستی گەورەی «تێگەیشتن» بجوڵێتەوە، واتە شیعر بەکارهێنانی زمانە دژ بە خۆی.) [عەلی، 2017، ل61] کەواتە شیعر کۆی لادانە زمانی و نازمانییەکان دەگرێتەوە. لێرەدایە زمان دژ بە سروشتی خۆی دەوەستێتەوە. سروشتێک، کە لە زماندا هەیە بۆ ئەوەی کردەی

تێگەیشتن ڕوودات، شیعر هەوڵێکە بۆ ئەوەی ئەم تێگەیشتنە لە بارێکی ئاساییدا ڕوونەدات. کەواتە دەبێ ئەو قسەیە ڕەت بکەینەوە، کە پێیوایە ئەدەب و شیعر پەیامن، چونکە دواجار پەیام لە کردەیەکی ئاسایی زمان بۆ تێگەیشتنە. دەمەوێ بڵێم کاتێک شتێک دەبێتە پەیام، کە کردەی تێگەیشتن ڕوودات، کەسێک پەیامێک بۆ کەسێکی دیکە دەنێرێت، بۆ ئەوە بۆی دەنێرێت، تێی بگات. لێرەدا ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی بەپێی ئەوەی تێکشکاندنی کردەی تێگەیشتنە بە هۆی زمانەوە، کەواتە ئەرکی پەیام لێرەدا خاڵی دەبێتەوە. چونکە شیعر داهێنانە، ئاشکرایە داهێنانیش خولقاندنە، بەوەی هێنانەدی شتێکی تازەیە.

دەقی شیعری: (لە کتێبخانەی تایبەتی بابا تاهیردا)ی (سەباح ڕەنجدەر)، دەقێکە خود دەیەوێ وەکوو تاک دەرکەوێت. ئاشکرایە (سەباح ڕەنجدەر) لە نەوەی شاعیرانی ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردووە. یەکێک لە خاسیەتەکانی شیعری ئەو نەوەیە، ئیشکردن بوو لەناو زمان. کەواتە هێندەی خەمی لایەنی هونەری ڕەگەزی شیعریان بوو، هێندە خەمی لایەنەکانی دیکەی شیعریان نەبوو. لەلایەکی دیکەوە (زمانی شیعریی هەشتاکان لە بری ئەوەی زمانێکی جیاوازی شیعری هەڵبنێت، بەلای زمانی فیکری بوونگەراییدا کەوتەوە.) [عەبدوڵڵا، 2017، ل12] ئەو نەوەیە زمانی شیعر و فۆرمی شیعر لە کن وان لە پلەی یەکەمدا دەهات. ئەم خاسیەتە تاکو ئێستایش بە شیعری ئەو نەوەیەوە دیارە. ناونیشانی شیعرەکە (لە کتێبخانەی تایبەتی بابا تاهیردا)، ناونیشانێکە چەند مەدلوولێک هەڵدەگرێت. کتێبخانە شوێنی هەڵگرتنی کتێبە، بەتایبەت لەم ناونیشانەدا (کتێبخانەی تایبەت)، کەواتە مەبەست لێی کتێبخانەی شوێنی کتێبفرۆشتن نییە، بەڵکو کتێبخانەی ماڵەوەیە. کتێبخانە دەلالەتی ڕۆشنبیریی و بوونی فەزایەکی ڕۆشنبیرانەیە. (بابا تاهیر) یەکێکە لە شاعیرە سۆفیگەرەکانی کورد. مێژووی ئەدەبی نووسراوی کورد تاکوو ئێستا لەوەوە دەست پێ دەکات. کەواتە ئاماژەیە بۆ سەرەتاکانی مێژووی ئەدەبی کوردی. لە (بابا تاهیر)ەوە مێژوویەک دەست پێ دەکات، ئەویش مێژووی ئەدەبی نووسراوە بە شیعر. لە ڕێی ئەم ناونیشانەوە، ئەم دەقە دەیەوێ ئاماژە بە ناوەندێکی ڕۆشنبیری بکات، دەیەوێ مێژوویەکمان لە کتێبخانە بۆ بگێڕێتەوە، مێژوویەک سەروکاری لەگەڵ شیعر و ڕۆشنبیرییەوە هەبێت.

**گامێش بۆ گیای ناو زەلکاو ملی درێژ دەکات**
**کەڵەبابیش لە کاتی بانگدان**
**تووتی بێ چاووڕوو دەم دەکاتەوە**
**لە نزیک ڕەگ و گۆپکە و خونچە دەوەستێ و پێی لە زەوی دەخشێنێت**
**نەخشی ناوچەوانی بەردی بۆ دروست نابێ**
**کرانەوەی دەمی خۆی**
**بە کرانەوەی دەمی**
**ڕەگ و گۆپکە و خونچە بەراورد دەکات**
**پوولی پۆستەی لە بن باڵی دەدەن**
**گوێڕایەڵە و دان لەسەر دەستی نانی نانی دەخوات**
**بۆ کام لا هەڵیدەن**
**سەر لە ڕێیە و ڕووگەنمای دادەخات**



بۆ وێناکردنی ئەوانی کۆ، شاعیر کۆمەڵێ نموونەمان بۆ دەهێنێتەوە، هەموو ئەو نموونانە گوزارشت، بەراوردن لە نێوان تاکیەتی خود و ئەوانی کۆدا. کاتێك دەڵێین ئەوانی کۆ، مەبەستمان (ئاگایی دەستەجەمعی) دەروونناس (کارل یۆنگ) نییە. بەڵکوو ئەوان کەسانێکن ناتوانن خۆیان بن، ناتوانن تاک بن. کاتێك کەڵەباب بانگ دەدات و دەقووقێنێ، ئاماژەیە بۆ بەیانییەکی تازە، بۆ ڕۆژێکی نوێ. تەنانەت لە ئایینیش بانگدانی کەڵەباب ئاماژەیە بۆ دیتنی فریشتە. کەواتە کەڵەباب وەکوو خود ڕەفتار دەکات. بوونێکە دەیەوێ بە دەنگی خۆی خۆی بسەلمێنێت. بەراوردی کەڵەباب و تووتی دەکات، تووتی بەبێ ئەوەی بیر بکاتەوە، لاسایی دەکاتەوە، چی بە بەرگوێ بکەوێت، هەمان شت پاتە دەکاتەوە. کەواتە ئەوانەی وەک تووتین خاوەن

خـودی خۆیـان نیـن، بەڵکـوو لـە دەرەوەی خـودی خۆیانـدا دەژیـن، بـە هـۆی کەسـانی دیکـەوە، بیرکردنـەوەی دیکـەوە، پەیـڤ و ئایدیۆلۆجیـای ئەوانـی دیکـەوە دەژیـن. تووتـی دەلالەتـە لـە کەسـانێك فۆرمـی دیکـە بـە نـاوی خۆیانـەوە پاتـە دەکەنـەوە. هیـچ شـتێکیان لەبـاردا نییـە. دەیـەوێ لاسـایی دەم کردنـەوەی خونچـە بـکات. ئاشـکرایە غونچـە ڕەگ و گۆپکـەی خـۆی هەیـە، بـە شـێوەیەکی خۆڕسـک و سروشـتیانە دەپشـکوێ و دەم دەکاتــەوە. ئــەو وزە و تیــن و جوانــی لــە سروشــتەوە وەردەگــرێ، بــە شـێوەیەکی خودیانـە خـۆی دەردەخـات، بەبـێ ئـەوەی لاسـایی بکاتـەوە. ئـەم بـەراوردە لـە نێـوان کەڵەبـاب و تووتـی بـەراوردە لـە نێـوان دوو خود. خـودی یەکـەم (کەڵەبـاب) خودێکـە پرۆژەیەکـی ئۆنتۆلۆجیانـەی هەیـە، هەوڵـدەدا بـە شـێوەیەکی ئـازاد دەربڕینەکانـی دەرببڕێـت، خـۆی بـە بۆچـوون و ئایدیۆلۆجیایەکـی دیـاری کـراو نابەسـتێتەوە. خودێکـە لەنـاو ئێسـتادا دەژی. بـە پێچەوانـەوە خـودی دووەم کەسـێکە تەنـێ وا پیشـان دەدات لـە ئێسـتادا دەژی، هەمیشـە پشـت بـە پێوەندییـەکان لەپێنـاو ژیـان دەبەسـتێت. لێـرەوە خـودی یەکـەم بـۆ ئـەوەی خـۆی بسـەلمێنێت، دەبـێ لـە ڕێـی خـودی دوومـەوە ئـەم کارە بـکات، چونکـە یەکێـك لـە پێشـمەرجەکانی بـوون لـە کـن (هایدیگـەر) کەسـانی دەوروبەرمانـن. کەواتــە هــەر خودێــك بەبــێ ئەوانــی دیکــە ناتوانێــت بوونــی خــۆی بسـەلمێنێت، بـەڵام خـودی ڕەسـەن ناتوانێـت وەکـوو ئەوانی دیکـە بژیـت. خـودی دووەم مەیدانێکـە بـۆ ئـەوەی خـودی یەکـەم بـە دوای خۆیـدا بگەڕێـت، چونکـە خـود ناتوانێـت لەنـاو خـودی خۆیـدا بـە دوای خۆیـدا بگەڕێـت، بەڵکـوو هەمیشــە لــە ئەوانــی دیکــەدا خــۆی دەبینێتــەوە. ئـەوەی خـود لـە خـودی دووەم جـودا دەکاتـەوە پرۆژەکانیەتـی. بـەڵام خـودی دووەم هیـچ پرۆژەیەکـی نییـە، بەڵکـوو ئەوانـی دیکـە مـۆری خۆیانــی لێــدەدەن بــەرەو شــوێنێک ئاراســتەی دەکــەن. خـودی دووەم کەسـێکی کەمۆیـە، لەسـەر دەسـتی هەمـوو کەسـێك هەڵدەنیشـێ، وەکـوو تووتـی دانـی سـەر دەسـتی هەمـوو کەسـێک دەخـوات، بەبـێ ئـەوەی خواردنـی تایبەتـی خـۆی هەبێـت.

**خەڵات و بەراتی درۆفرۆش**
**یان پیسی و پۆخڵی و بۆنی ورچی تەپ و حۆل**
**دەمە بۆڵەی جادووبازان لە قاوغی کیسەڵێکدا دەمێننەوە**
**ئەرێ خۆر بە پۆستاڵ یان بە پێڵاوی ئاوریشم بۆ لامان دێت**
**مێژوویەکی لە هاتن و چوون هەیە و لە نوێژدا دەلەرزێت**
**بانگی بەیانی دەستی خێرە و چرچ و لۆچی ناوچەوانی دەمرێنێ**
**نادیارییمان دەبینێت**
**ئێمە هەموومان بێدەنگی خودامان نووسییەوە**
**ئێمە هەموومان بێدەنگی خودامان نووسی**
**ئێمە هەموومان بێدەنگی خودا دەنووسینەوە**
**ئێمە هەموومان بێدەنگی خودا دەنووسین**

ئەوانــی کــۆ لــە دنیابینــی شــاعیردا کەســانێکن، هەوڵــی ناشرینکردنــی دنیـا دەدەن، بۆیەیـش بـە وێنـەی شـیعری وێنایـان دەکات. کەواتـە بـۆ سـەلماندنی خـودی خـۆی وێنـای ئەوانمـان نیشـان دەدات. بـە بـڕوای «سـارتەر» ئەوانــی دیکــە هــۆکار و فاکتەرێکــی باشــن بــۆ پێکهاتــەی خـود. واتـە خـود دەیـەوێ لـە ڕێـی ئەوانـی دیکـەوە خـۆی بسـەلمێنێت. هوشـیاریی خـودی بوونگەرایـی لەسـەر ئەوانـی دیکـەوە بنیـاد دەنرێـت. هـەر ئـەم فەیلەسـووفە بوونگەرایـە پێوەنـدی لـە نێـوان ئەوانـی دیکـە و دۆزەخ دەبینێـت، ڕەنگـە ئەوانـی دیکـە بـۆ ئێمـە ببنـە دۆزەخ. ئەوانـی دیکـە گەڵگـری گوتـاری درۆ و پیسـیین، ئەمـە بۆ خـود دۆزەخێک دروسـت دەکـەن. خـود و ئەوانـی کـۆ گوزارشـتە لـە بارێکـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و ئایینـی. دەبـێ ئەوەیشـمان لەبەرچـاو بێـت، خـود لـە دنیابینـی شـاعیر، دەلالــەت نییــە لــە نێرگســییەت و داگیرکردنــی ئەوانــی دیکــە، بەڵکــوو ئــەوە ئەوانـی دیکـەن دەیانەوێـت پرۆژەکانـی خـود، بوونـی خـود بخەنـە ژێـر کاریگـەری خۆیانـەوە. دەمـەوێ بڵێـم ناسـنامەی خـود لەگـەڵ ئەوانـی دیکـە جودایـە، ئەوانـی کـۆ لـە هەوڵـی گۆڕینـی ناسـنامەی خـود دەدەن. کەواتـە ئەوانـی دیکـە وەزیفەیەکـی دەسـتەجەمعی و کۆمەڵایەتیـان هەیە، دەیانــەوێ ژیــان بــەو ڕەنگانــەی تەنــێ ئــەوان دەیبینــن ڕەنــگ بکــەن.

هەمیشە مرۆڤ لەگەڵ گزنگ و بەیانیدا دڵخۆش دەبێت، چونکە لە ڕۆژێکی نوێدا پرۆژەکانی پراکتیک دەکات. کاتێك کۆمەڵێک پڕ دەبێت لە کەسانێکی درۆز و فێڵباز ئەوا چەمکی خود دەکەوێتە مەترسییەوە، چونکە کەسانێکی، کە فێڵ و تەڵەکە بکەن بە خود هەژمار دەکرێن، کەسانێك پارە و سامانیان بە دزی پەیدا کردبێت دەبن بە خود. کاتێك چەمکی خود لە تێگەیشتن و پێناسە فەلسەفیەکەی دادەماڵدرێت، ئەوا پێوەندی نێوان تاک و کۆمەڵ هەڵدەوەشێتەوە. دەمەوێ بڵێم پچڕانی پێوەندی نێوان تاک و کۆمەڵ، دەلالەتی توندوتیژی دەسەڵاتە، چونکە ئەوە دەسەڵاتە پێوەندی نێوان تاک و کۆمەڵ ڕێك دەخات. بۆیەیش هەمیشە پێویستیمان بە بانگی بەیانییە، بۆ ئەوەی خود بدۆزینەوە. بانگی بەیانی دەلالەتە لە دەسپێکی ڕۆژێکی نوێ، هاوارێکە بۆ بەئاگاهاتنەوەی ئەوانی دیکە. ئەوان لە خەوێکی بێ ئاگاییدان، پێویستمان بە بانگێکی بەیانییە بۆ ئەوەی خەبەریان بکەینەوە. ئەم ئەرکە خود دەیخاتە سەرشانی خۆی. ئەوەی لێرەدا ئەم لێکدانەوەیەمان تۆکمەتر دەکات. بۆ بانگی بەیانی هاتووە، بانگی نیوەڕۆ، یان ئێوارە نەهاتووە؟ بەیانی هەم دەسپێکە بۆ ڕۆژێکی نوێ و مژدەی هاتنی ڕۆژێکی نوێیە، هەمیش بە ئاگاهێنانەوەی ئەوانی دیکەیە، ئەوانێک لە بێ ئاگاییەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییدان.


(من)ی خود بەرەو کرانەوە دەچێت، ئەم کرانەوەیە هەوڵێکە بۆ کردنەوەی دەرگای دیکە بە ڕووی ئەواندا، ئەمەیش نیازپاکی خودە بەرانبەر ئەوان. هاوکات ئەم کرانەوەیە هەوڵێکە بۆ ئەوەی خود ناسنامە و شوناسی خۆی دیاری بکات. دیاریکردنی ئەم ناسنامەیەیش لە ڕێی خوێندنەوەی ئەوانەوە دەبێت، ئەویش کاتێك ئاستی هوشیاریی و مەعریفی ئەوانی بەرانبەر بوون و گەردوون و ژیان بۆ دەردەکەوێت. ئاگاداری ئەوەیشین دیاریکردنی ناسنامە لە سەردەمی نوێدا کارێکی زەحمەتە، چونکە ( لە سەردەمی مۆدێرندا مرۆڤ دەبێت بە پێوەر و ناوەندی بوون.) [ئەحمەدی: 2012: ل22] کەواتە هەوڵدان بۆ دیاریکردنی ناسنامە هەوڵدانە بۆ سەلماندنی بوون بەرانبەر ئەوانی دیکە، هەمیشە دەیانەوێ ژیان ناشرین بکەن، بە واتایەکی دیکە دەیانەوێ بوونی (من) داگیر بکەن.

**فەرمووم لە باڵندەی ئاوی کرد**
**بۆ وشکاییی کە ڕەگی بەهات و بیرەوەری تەڕ و پاراوە**
**فەرمووی باڵندەی وشکاییشم کرد**
**بۆ قەراغ گۆلاوی سەر بە شەختە**
**شاڵێک بۆ شاژنی ژیان بچنن**
**دیار بوو کتێبێکیان خوێندبووەوە بەرژەوەندیی دارێک نووسیبووی**
**باڵندە دەستی ڕەش و سپی درێژی مرۆڤ دەناسێت**
**ڕووخۆشیی سروشتیش**
**دڵنیایە لەو زەوییەی کە هێلکەی لەسەر دادەنێت**
**زەوی گەف لە زەویپەروەر ناکات**
**هەموو شتێک لەبارەی ئێمەوە دەزانێت**

لە بنەڕەتدا باڵندە دەلالەتی شکۆمەندی و جوانییە، کاتێك بانگی باڵندە دەکرێت، هەوڵێکە بۆ گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ وشکایی، هاوکات بە یەکگەیاندنی دوو جەمسەری دژ بە یەکە، کە جەمسەری وشکاوی و ئاوییە. ئاشکرایە گۆی زەوی لەم دوو جەمسەرە پێکهاتووە. لە لایەکی دیکەوە باڵندە هێنانی مژدە و هەواڵە. دوای وەستانی باوبۆرانی تۆفانی سەردەمی نووح، کەشتییەکەی نووح لەسەر چیای جودی دەوەستێت. لێرەوە نووح باڵندەیەک دەنێرێ بۆ ئەوەی، ئەگەر وشکانی دیتەوە هەواڵی پێ بدات. هاوکات سلێمان پێغەمبەریش باڵندەی هودهود دەنێرێت، بۆ ئەوەی هەواڵی بۆ بێنێت. خود لێرەدا هەوڵی گەڕان بە دوای ترووسکایی ژیان دەگەڕێت. واتە دەیەوێ شەختەی ژیان بتوێنێتەوە. هێلکە دەلالەتی ژیانە، دەلالەتی ژیانی تازەیە، بۆیەیش ئەو ئەمانەتە بە زەوی دەسپێرێت، دەیان باڵندە هێڵکە لەسەر زەوی دەکەن، چونکە زەوی هاوڕێیەتی و مەترسی بۆ سەر ژیانی بێچووەکانی دروست ناکات.

**دووەم: خودێتی وەک پنتی سەرەتا**

ئاشکرایە فەلسەفە بەردەوام لەسەر کاراکردنەوەی خود کاری کردووە،



بۆ ئەوەی خود ڕۆڵی لە بنیادنانەوەی هوشیاریی و فیکری مرۆڤدا هەبێت. دەمەوێ بڵێم هەوڵی دروستکردنی خودێکی بیرکەرەوە دەدات، بۆ ئەوەی بەرانبەر هەموو دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان بیرکردنەوەی تایبەت بە خۆی هەبێت. بۆ نموونە، ئەگەر لە کۆجیتۆکەی (دیکارت) بتوانین، کە دەڵێت: من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم. ئەمە هوشیاریی تاکە بەرانبەر خودی خۆی. واتە هەوڵێکە بۆ دامەزراندنی بوونی خود بە هۆی هەر کردەوەیەک لە کردەوەکانی بیرکردنەوە. کەواتە ئەو تاکە هەمیشە لە گومان و بیرکردنەوەدایە.(ئەم کۆجیتۆیە پێوەندی تاک بە ئەوانی دیکەوە کەشف دەکات، واتە مەعریفەی خود نایەتەدی تەنێ لە ڕێی مەعریفەی ئەوانی دیکەوە نەبێت.) [سارتر: 1964: ص32] ئەگەر وردتر لەم بۆچوونە بڕوانین ئەوا (من/ خود) و ئەوانی دیکە ڕاستەوخۆ داننانە بە بوونی یەکدی. واتە هەر یەکەیان بوونی ئەوی

دیکە دەسەلمێنێت.

بەڵام ئەوەی لێرەدا دەبێتە ئاریشە، ئەوانی دیکە هەوڵی سڕینەوە، یان داگیرکردنی خود بدەن. خودێک دەیەوێ ڕێز لە بوونی ئەوانی دیکە بگرێت، خودێک دەیەوێ واتایەک لە ڕێی ئەوانی دیکەوە بە ژیان ببەخشێت، بەڵام ئەوانی دیکە، یان ئەوانی کۆ هەوڵی داگیرکردنی منی خود دەدەن. بەمەیش ڕاستەوخۆ هەوڵێکە بۆ لەناوبردنی بوونی خود.

**دڵم پڕ بوو لە گریان**
**گریانی خۆم لە گۆرانییەکی میللیدا دۆزییەوە**
**شەپۆلی دەدا**
**ئای خەڵوەتی دڵ**
**تەماشای هەر کوێیەکت دەکرد**
**سەرنجی ئەویم دەدا و سەرنجم دەرسکا**
**دڵ ڕێنماییم دەکات و ئەوەی ئەو پێم دەڵێت**
**ئەو لە نەخشی ناوچەوانی بەرد دەنووسم**
**چەتەی پێڵاو گەورە لە خەودان**

خودیەتی ناوی شیعر لە ڕێی پەیڤی خۆیەوە، یان لە ڕێی پەیڤین بە جێناوی کەسی یەکەمی تاك، هەوڵی سەلماندنی خودێتی خۆی دەدات. دوای ئەوەی هەوڵەکانی ئەوانی کۆ بۆ سڕینەوەی خودێتی خۆی دەبینێت، دەپیڤێت. بەپێی بۆچوونی (هادیگەر) زمان ماڵی بوونە. واتە زمان بە بوون دادەنێت. هەر ئەمەیشە بوونی مرۆڤ وەکوو بوونێکی هوشیار و بیرکەرەوە لە بوونی گیانەوەرێک، ئاژەڵێک جودا دەکاتەوە. چونکە مرۆڤ لە ڕێی زمانەوە هوشیارە بە بوونی خۆی. مرۆڤ بیر دەکاتەوە ئەو کێیە؟ چییە؟ کەواتە بە ناڕاستەوخۆ لە ڕێی پەیڤینەوە، لە ڕێی زمانی قسەکردنەوە خود دەیەوێ بوونی خۆی بسەلمێنێت. تەنانەت خود دەیەوێ تێکەڵ بە کۆمەڵی دیاردەی دیکە بێت، وەکوو گۆرانییەکی میللی، سەرنجدان لە شتەکانی دەوروبەر. ئەمانە هەوڵدانە بۆ خۆدزینەوە لە هێرشەکانی ئەوانی کۆ، بە واتایەکی دیکە هەوڵن بۆ ئەوەی بوونی خۆی لە ڕێی کۆمەڵێ دیاردەی دیکە بسەلمێنیت، نەک لە ڕێی ئەوانی کۆوە. لێرەدا خودێتی شیعر، دەیەوێ شیعر بکاتە ڕووگەیەک بۆ ئەوەی موناجاتی خۆی لەگەڵدا بکات، ئەویش بە تێکەڵبوونە لەگەڵ سروشت و ڕابردوو. ئەم بۆچوونەمان واتای ئەوە نییە، شاعیر، یان خودێتی شیعر پێویستی بە فۆرمێکی ڕۆمانسیانە هەیە. یان بە شێوەی شاعیرانی ڕۆمانسی دەیەوی تێکەڵ سروشت و ڕابردوو بێت. ئەم ڕاکردنەی خودێتی شیعر ڕاکردنە بۆ پاراستنی بوونی خۆی، واتە ڕاکردن نییە لە ژیان. ڕێنماییکردنی خود لە لایەن دڵەوە هەوڵێکی ڕۆمانسیانە نییە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ پاراستنی بوون و خود. خود لێرەدا سەرەتایەک بۆ بوون، بوونێک بۆ سەلماندنی خود. کەواتە خودێتی ئەزموونێکە بە سەر کەسانی دیکەدا دەکرێتەوە. واتە دەکری ببێتە ئەزموونێک بۆ کەسانی دیکە. (خودێتی ئەزموونێکی کراوەیە بەسەر مرۆڤایەتیدا، واتە کاتێک شاعیر ئەم ئەزموونە پراکتیک دەکات، واتای ئەوە نییە شاعیر بە هەست و سۆزەکانییەوە بەستراوەتەوە، نەخێر، چونکە خوێنەر ئەو خودە دەبینێت و وەڵامدەرەوەی دەبێت. بە واتایەکی دیکە خاوەن ئەزموونەکە بیر لە خۆی ناکاتەوە، بەڵکوو گوزارشت لە ئەوانی دیکەش دەکات، هاوکات بە ئامانەتەوە دەیانگوازێتەوە.) [عفیفی: 1978: ص62] کەواتە ئەوەی خودێتی شیعر دەیەوێ ئەزموونی بکات، دەلالەت لە کۆی ئەزموونی ئەوانی دیکەشە. لێرەوەیە گوتمان ڕێنماییکردنی دڵ هەوڵێکی ڕۆمانسیانە نییە، بەڵکوو دەلالەتە لە ئەزموونی کۆی مرۆڤەکان. خودێتی شیعر دەبێتە پنتی سەرەتا بۆ کۆی بوونی ئەوانی دیکە. ڕاستە ئەوانی دیکە دیانەوێ بوونی خودێتی شیعر داگیر بکەن، بسڕنەوە، بەڵام ئەزموونی خودێتی شیعر هەوڵدەدا شکۆ بۆ بوونی ئەوانی دیکەیش لە ڕێی ئەزموونی خۆیەوە بگەڕێنێتەوە.

**سێیەم: پێوەندی نێوان من و ئەوانی دیکە**

پێوەندی نێوان ئەم دووانە، پێوەندییەکە لەسەر بنەمای سڕینەوە



دامەزراوە. بەڵام هەوڵی سڕینەوەی تاکلایەنەیە. (من) هەوڵی پارێزگاریکردن دەدات، بەڵام ئەوان هەوڵی سڕینەوەی خودێتی (من) دەدات. دەبێ ئەوەیشمان لە بیر بێت پێوەندی ئەم دووانە پێوەندییەکی دژیەکە. هاوکات پێوەندییەکە، پێوەندییەکی بە یەکگەیاندنە (من بە خودی خۆی دەگات)، یان پێوەندی لە یەکجوودابوونەوەیە (نامۆبوون بە خود):

**بەس نەبوو**

**حاجی لەقلەق دوا شەهیدی هەولێر بوو**

**بەس نەبوو**

**قومری دوا شاعیری ترپە و هەست و تاسە بوو**

**بەس نەبوو**

**ئاو و خۆڵ و با خۆکوژی کەوتە نێوانیان**

**ئاگر دوا ناوبژیوانیان بوو**

**بەس نەبوو**

**هێزی ئاگر کوژێنەوە دزی پەتاتەی بەراز بوون**

**بەس نەبوو**

**شەوی پێش هەڵبزڕکاندنی کولێرەکەم**

هەرچەندە خودێتی (من) تەواو لە ئەوانی دیکە دانەبڕاوە، هێشتا پێوەندی لە نێوان ئەم دووانەدا هەیە، بەڵام پێوەندییەکی نەرێنییە. ئەویش لە ڕوانگەی ئەوەی (من) کۆمەڵێ ڕووداوی تراجیدی بیری ئەوانی دیکە دەهێنێتەوە. ئەو ڕووداوانە سەلمێنەری ئەوەن هەوڵێکی تەواو بۆ سڕینەوەی (من) لە ئارادا بووە. بەڵام ئەو منە، منێکی کۆمەڵایەتییە. (من)ێکە بوون تەواو خۆی تێدا دەبینێتەوە. کاتێک لە هەولێر حاجی لەقلەقی سەر منارەی مزگەوتی ناو بازاڕ وەکوو ڕەمزێکی شار لە لایەن ئەوانی دیکەوە هەر بۆ حەز و مەیلی خۆیان دەکوژرێت، ئەوا لێرەدا حەز و غەریزە زاڵ بووە. کەواتە لێرەدا ئارەزوو و غەریزە بەسەر خودێتی ئەوانی دیکە زاڵە. مرۆڤیش کاتێک غەرزیە بەسەریدا زاڵ دەبێت، خاسیەتی مرۆڤایەتی لە دەست



دەدات. ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بوون بە بۆچوونی فەیلەسووفانی پێش سوکرات، لە چوار ڕەگەزی (ئاو، ئاگر، با و خاک) پێکهاتوون. بە نەبوونی هەر یەک لەو ڕەگەزانە بوون جەوهەری خۆی لە دەست دەدات. کاتێک ئەم ڕەگەزانە دەبنە دوژمنی یەکدی و دەکەونە کوشتنی یەکدییەوە، ئاگر کە خۆی سووتێنەر و لەناوبەرە ناوبژیان بکات، چی دێتە بەرهەم؟ بێگومان وێرانتر لە وێران. لێرەوە هاواری خود/ من دەبیستین، بەوەی دەیەوی کۆمەڵی لە ناشرینییەکانی مرۆڤ نیشان بدات، ئەو ناشرینیانەی لە وێرانە زیاتر چیدیان بەرهەم نەهێناوە. ئەم هەڵویستەی (من) هەوڵویستێک نییە داهێنان بێت بۆ ئەوانی دیکە، بەڵکوو هەوڵێکی دایەلۆگئاسایە. ئەم دایەلۆگە لەسەر بنیادی ناوەوە و دەرەوە دامەزراوە. ((بنیادی ناوەوەی دایەلۆگ لە کن گادامیر، خۆی لە پرۆسیسەی جەدەلێکی بەردەوام لە نێوان پرسیار و وەڵامدا دەبینێتەوە. بەڵام بنیادی سەرەوەی خۆی لەو ئاکارانەی، کە ئاخێوەران پێوەندی پابەندن بەرجەستە دەکات.)) [عید:

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

؟ : ص52] بنەمـای ئـەو دایەلۆگـەی (مـن) دەیـەوێ دایمەزرێنێـت، بـۆ بیرخسـتنەوە و پرسـیارکردنە. ئـەو دەیـەوێ کۆمەڵـی پرسـیار ئاراسـتەی ئەوانـی دیکـە بـکات، لـەو ڕێیـەوە دایەلـۆگ دروسـت دەبێـت. بـەڵام ئـەوەی سـەیرە (مـن)ی پرسـیارکەر چاوەڕێـی وەڵام لـە ئەوانـی دیکـە نـاکات، بەڵکـوو تەنـی بیریـان دەخاتـەوە. هەرچەنـدە دایەلۆگەکـە بـەم شـێوازە تووشـی کێماسـی دەبێـت. ئامانـج لەمەیـش بەگەڕخسـتنی بیـر و هـزری ئەوانـی دیکەیـە، بـۆ ئـەوەی بـە شـێوەیەکی دیکـە بەرانبـەر خـود/ مـن بجووڵێنـەوە. بـە واتایەکـی دیکـە دەیـەوێ گەوهـەری ئەوانـی دیکـە کەشـف بـکات. دامەزراندنـی دایەلۆگیـش هەوڵێکـە بـۆ ئـەوەی ئەوانـی دیکـە لـە ڕێـی هەڵسـوکەوت و کردەوەکانیانـەوە خۆیـان بناسـن.

**برادەرانم بابا تاهیر و هوما**

**لە ئاسمان مەیەنە خوارەوە**

**چاوی کوشتن و برین هێشتان نەنوستووە**

**دڵتان نەیەتە سەرلێوانتان**

**زەوی دەموچاوی گەش و گەرمە و ئەسپ بەو ناوەدا تێدەپەڕن**

**خۆریش بە ئاڵۆزی لە دایک نابێ و لە سواران نادا**

**باباتاهیر مووروویەک لە نێوانماندا بزر بوو**

**مووروویەکیش لە مشتووی خەنجەری هوما کەوت**

کاتێك خـود/ مـن هەمـوو شـتەکان بـە شـێوەی دایەلـۆگ ڕوون دەکاتـەوە، ڕوو دەکاتـە ئاسـمان و هـاواری دوو شـت دەکات. یەکیـان (بابـا تاهیـری هەمەدانـی) و ئـەوی دیکـە باڵنـدەی (هوما)یـە. (بابـا تاهیـر) ڕەمـزی سـۆفیگەرییە، سـۆفیش زۆر پێوەنـدی بـە سـەر زەوییـەوە نییـە، بەڵکـوو پـتر لـە دنیـای خۆیـدا دەژیـت. هـاوکات باڵنـدەی (هومـا) وەکـوو لـە ئەفسـانەکاندا هاتـووە، باڵندەیـەک حەسـانەوەی نییـە، ناتوانـی لەسـەر زەوی بنیشـێتەوە، چونکـە هیـچ قاچێکـی بـۆ وەسـتان لەسـەر زەوی نییـە، ئـەو ڕەمـزی بەزەییـە. باڵنـدەی (هومـا) ناگیرێـت، هـەر کـەس بیکوژێـت دوای چـل شـەوان دەمرێـت. لێـرەدا ترسـێکی گـەورە ئامادەیـی هەیـە، بـێ ئومێدییەکـی قـووڵ هەیـە. خود/مـن دڵنیایـە لـەوەی زەوی هێشـتا پڕیەتـی لـەو کەسـانەی دەیانـەوێ ناشـیرینی بـڵاو بکەنـەوە. هەمـوو ئەمانـە هەوڵدانـن بـۆ خسـتنەڕووی کـردەوەی ئەوانـی دیکـە.

**سەرچاوەکان:**


1. **ئەحمـەدزادە (د.هاشـم): 2012: زمـان و ئـەدەب و ناسـنامە، دەزگای ئـاراس، هەولێـر.**
2. **ئیبراهیـم (محەمـەد عەبدولکەریـم)، 2012، پێکهاتـەی زمانـی شیعری لـە ڕوانگـەی ڕەخنـەی ئەدەبیـی نوێـوە، دەزگای موکریـان، هەولێـر.**
3. **سـەباح ڕەنجـدەر: 2012: سـی سـاڵ شـیعر، بەرگـی دووەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر.**
4. **عەلـی (بەختیـار)، 2017، شـیعر و تاریکـی، گۆڤـاری شـیعر، ژمـارە پێنـج.**
5. **عەبدوڵـڵا (عەبدولموتەڵیـب)، 2017، جوانییەکانـی وەرگـر، دەزگای ئایدیـا، سلێمانی.**
6. **سـارتر (جـان بـول): 1964: الوجودیـە مذهـب انسـانی مـع مناقشـە بیـن سـارتر والکاتـب الماركسـی م.نافیـل، ترجمـە: عبدالمنعـم الحنفـی، دار لامصریـە للطباعـە والنشـر، مصـر.**
7. **عفیفـی (محمـد الصـادق): 1978: النقـد التطبیقـی والموازنـات، مكتبـە الخانجـی، القاهـرە.**
8. **عید (محمد سید): ؟: جدلیە الحوار عند جادامیر.**






# هاوچەرخیی شیعرەکانی
# سەباح ڕەنجدەر



د. سەنگەر حاجی

شیعری هاوچەرخ، چەمکێکە ڕەنگە ئەوانەی خوێنەری کاری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی بن، گەلێك جاران بەرگوێیان کەوتبێ، وەلێ دیاریکردنی سنوور و دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغەی ئەدەب کەتا ئێستاش بەردەوامە، نەك ئاسان نییە، بگرەزۆریش سەختە. ئەمەنەك هەر بۆ ئەدەبی کوردی، بەڵکو بۆ ئەدەبی هاوچەرخی میللەتانی دەوروبەر و میللهتانی دونیاش ڕاستە. گرفت ئەوەیە ئەدەبی هاوچەرخی هەر میللەتێك چەند خەسڵەتێکی تایبەت بەخۆی هەن کەلەهی میللەتانی دەوروبەر و جیهانیش جیاوازن، ئەو گرفتە هەر بەردەوامە،تەنانەت کاتێك تەنێ لەبارەی ئەدەبی هاوچەرخی تاکەمیللەتێکیش دەدوێین، چونکەمیللەت هەن خاوەنی یەك زمانی یەکگرتوون، بەڵام چەند دەوڵەتێکییان هەیەو ئەدەبیاتی هەر وڵاتێکش لەوەی دیکە جودایە، میللەتیش هەن بێ دەوڵەتن، بەڵام دابەشبوونیان و کاریگەرییان بەئەدەبیاتی هاوچەرخی میللەتانی داگیرکەر لەیەکی جوداکردوونەتەوە.

ئەوەی لەسەرەوە نووسیومە، ڕێ ڕوونێکەتا خوێنەر بزانێ، ئێمە، چونکەدابەشی سەر چوار وڵات کراوین، ئەدەبیاتەکەشمان دابەشبووەو ئەدەبیاتی هاوچەرخیشمان مۆرکی ئەو دابەشبوونەی لەهەموو قۆناغەکان پتر پێوەدیارە، چونکە لە قۆناغی ئێستاماندا، بەو پێیەی دەوڵەتمان نییە، لە هەموو کاتەکانی دیکە زیاتر بە ئەدەبیاتی داگیرکارەکانمان کاریگەرین، لەبەرئەوەی ئەوان کاری گەورەیان بۆ زمان و ئەدەبیاتی خۆیان کردووەو هەبوونی دەوڵەتیش هێندەی دی یارمەتیدەرییان بووە تا باشتر لەدنیا بناسرێن و ناویان بچێتەپاڵ ناوی ئەو ئەدیبانەی ئێمەی بێ وڵات لە دوورەوە تەماشای ناوەکانیان دەکەین.

کەواتە ئەگەر بمانەوێ لەئەدەبی هاوچەرخی کوردی بدوێین، دەبێ لەئەدەبیاتی هەر چوارپارچەبدوێین کەمن پێموایە ئەمەکاری تاکەکەسێك نییە. من باشووری وڵاتم هەڵبژاردووەو لە باشووریش شیعرەکانی (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیر دەکەمەئەو خاڵەی لێیەوە هەندێك لەو تایبەتمەندییانە دەسەلمێنم کەشیعری هاوچەرخی کوردی باشووری کوردستانی پێ دەناسرێتەوەو لەتەك ئەمەشدا شەن و کەوی تایبەتمەندییە دیارەکانی شیعرەهاوچەرخەکانی شاعیر دەکەم.

ئەو گۆڕانانەی لەئەدەبیاتی هاوچەرخ ڕوویانداوە، دەتوانین لەسێ ڕووەوەلێیان بدوێین: فۆڕم، زمان، بابەت

تەوەری یەکەم: فۆڕم:

دونیای ئەدەبی نوێ ویستی ئەوەی هەبوو هەرچی پەیوەندی بەفۆڕمی کلاسیکە وەهیە وەلای بنێ و شاعیرانی سەر بەو ڕەوتەش هەروایان کرد، بەڵام نەیانتوانی لەڕێی ئەو وەلانانەوە هیچ واتایەك بۆ دەق زیاد بکەن، یان لەڕێی ئەو فرەییە سنووردارەی فۆڕم و شێوازی نووسینی نوێ هێنابوویانە ئارا پێکبەستێکی بەهێز لە نێوان فۆڕم و واتا دروست بکەن. شاعیرانی هاوچەرخ توانییان ئەمە بکەن، ئەمەش لەڕێی:




أ- گۆڕینی فۆڕمی باو و فەرمی بۆ نا فەرمی:

فۆڕمی باوی نووسینی شیعری کلاسیك دوو هێڵی تەریبی لەژێر یەکن کەکۆتایی لەتەدێری یەکەم و سەرەتای لەتەدێری دووهەم دەکەونە سەر یەك و لەدەسنووسەکانیش، زۆربەی کات، دێڕ دێڕ لەسەرە یەك نووسراون. لەئەدەبی نوێدا

سەباح ڕەنجدەر لەگەڵ هاوڕێکانیدا



ژمارەی ئەو فۆڕمانە زۆرترن، بەڵام هەر دیاریکراون، بەڵام شیعری هاوچەرخ بەربەستی فۆڕمی بەتەواوی تێپەڕاند و توانی بیخاتەخزمەتی واتا:

**هومای ناقۆڵا**

**لەبەر ئاوێنەی گۆمێکی لاڵ**

**هێرش دەبا و خۆبەدەستەوەدەدات**

**ئاگادارییەک لەشەقامی**

**ژ یا ن**

**م**

**ر**

**د**

ن (بەرگی یەکەم: 142)

لەم شیعرەی سەرەوەو چەندین شیعری دیکەی دیوانەکانی کەلە هەشتاکانەوە دەهۆنێتەوە، (سەباح ڕەنجدەر) توانیویەتی فۆڕمی شیعر بەتەواوی بگۆڕێ و جۆرێك لە هەماهەنگی لەنێوان فۆڕمی شیعر و واتای شیعر دروستبکات، ئەمەش زۆرتر لەشێوازی نووسینی هەردوو وشەی (ژیان) و (مردن) بەرجەستەدەبێ و دەیەوێ پێمان بڵێ ژیانمان پارچەپارچەو بەش بەشەو لەکۆتاییدا تەواودەبێ و تەواوکەرەکەی مردنە کە وردەوردە بەهۆیەوە دادەڕمێین و نامێنین. بێگومان ئەگەر شاعیر ئەم کارەشی نەکردبا و شیعرەکەی بەمشێوەیە نەنووسیبا، واتای خۆی هەردەبوو، بەڵام هێندەقوڵ نەدەبوو و ئەو واتایەی نەدەبووە سەربار. ئەوەی جێی سەرنجە ئەمەیە کە(ڕەنجدەر) ئەمەی لەهەشتاکان کردووە کە ئەگەرچی لەو سەردەمدا ڕەوتی نوێگەری لەشیعری کوردی ڕاگەیێنرابوون، بەڵام ئەم جۆرەی نووسین بۆ ئەو سەردەم نوێ بوو.

ئەمەی سەرەوەلە شیعری شاعیر بەفۆڕمی جیاوازی دیکەش دەربڕاون و لەشاعیرانی هاوسەردەمی خۆشی، بەتایبەتی ئەوانەی ساڵانی هەشتا، وەدەست دەکەون، بەڵام ئەوەی تا ئێستا ئەدەبی هاوچەرخی کوردی پێینەگەیشتووە بە (ڕەنجدەر)یشەوە بریتییەلەوەی نەتوانراوە فۆڕمی شیعری کوردی بگەیەنرێتە ئەو ئاستەی، نەنووسینی جۆرێك

لە فـۆڕم ببێتـە هـۆی لـە دەسـتدانی بەشـێك لەواتـای شـیعرەکە، بـەو واتایـەی شـاعیر بتوانـێ دوو ئاسـت بـۆ شـیعرەکەی دەستنیشـان بـکا، ئاستی یەکـەم خوێندنـەوەی شـیعرەکە بـێ بەبـێ ورد بوونـەوە لـە فـۆڕم کەواتایەکـی ڕووکار و سـەرپێیی دەدات و خوێندنـەوەی شـیعرەکەلەگەڵ ئـەو فۆڕمـی پێـی نـووسراوە کـە واتایەکـی قـوڵ دەدات و جوانییەکـی زۆر بەشـیعرە کـە دەدات کەئەمـە لـە ئەدەبیاتـی بیانیـدا هەیـەو نموونـەی بەرچاویـان هـەن.

ب-سەروادار بۆ بێ سەروا:

لەئەدەبـی هاوچەرخـدا، بەتایبەتـی لای ئـەو شـاعیرانەی جـێ پەنجەیـان لـەم قۆناغـی شـیعردا دیـارەو (ڕەنجـدەر) یـش یەکێکـە لـەوان، سـەروا هیـچ بایەخێکـی نییـەو مەگـەر بەڕێکـەوت، ئەگینـا لەتـەواوی دیوانـەکان شـیعرێکی سـەروادار نابینییـەوە کەئـەم ئازادبـوون لەسـەر وایـە شـاعیر ئـازاد دەکا لەبەکارهێنانـی ئـەو وشـەیەی زۆرتریـن خزمـەت بەشـیعرەکی ئـەو دەکا و مەزراندنـی فۆڕمێکـی شـیعر کەنەبێتەداردەسـتی سـەروا:

**لەرزی دیدار لەسەری پەنجەی پێمەوەدە بێتەڕووداو**

**بەتەواوی دەمار و خوێنمدا**

**مێرووولەو هەڵبەز و دابەز دەکات**

**لەچاومدا دەبێت ئاگری حەفت دەم و خاوکردنـەوەی هەسـتی بۆنکـردن**

**لەڕووناکی دیدارا چاوم سووتا**

لەمـەو بـەدوا هیـچ موچڕکێـك بەچاومـدا تێناپەڕێـت

(بەرگـی دووەم: 330)

ت-کێشدار بۆ بێ کێش:

هاوشـێوەی بـێ سـەروایی، شـیعری هاوچـەرخ هیـچ کێشێکیشـی نییـە، بەمـەش ئـاوازی دەرەوی دەق لەدەسـت دەدات کەلەڕێـی کێـش و سـەرواوە دروسـت دەبێـت و لـە هەمانکاتیشـدا ئـاوازی ناوەوەشـی نییـە، چونکـە لـە شـیعری هاوچەرخـدا دووبارەبوونـەوەی وشـەیان دووبـارە بوونـەوەی دەنگێـك بـۆ چەنـد جارێـك یـان هەڵبژاردنـی چەنـد وشـەیەك کەلـە خۆگـری دەنگێکـی دیاریکراوبـن ڕوونـادات و بەمـەش دەتوانیـن بڵێیـن شـیعری هاوچـەرخ بـێ ئاوازیشـە:

**نیگای باڵندەلە ڕوخساری ڕاوچی نێژرا**

**لەدواییدا ئەم نیگایەچپەی بۆ هاوڕێکانی کرد**

**من باوەڕم بەو چپەیە هەیەکەنیگا دەیکاتە گۆرانی**

**گۆرانی ئێسکی لەشی ئەو مرۆڤە دەتوێنێتە وەکە چاوی دڵی نووسیوە**

**دەمووچـاوی زەویش وەک برووشـی**

**تەڕکـراو دەکاتـەوە**

**فێنکایـی ئێـوارە بەنـاز**

**بەنـاز دەسـت و**

**پە نجـە ی**

**هەولێـری**



لەخەنەدەنا (بەرگی دووەم: 273)

لەم شیعرەدا نەکێش و نەسەروا و نەئاواز نین، کەواتە دەبێ ئەم شیعرە شیعرێك بێ کەموکووڕی تێدابێ، ئەمە ڕاستە؟ ئەمە ئەگەر پەنجا ساڵێك زووتر بنووسرابا نەك کەموکووڕی تێدابوو، بگرە هەر بەشیعر دانەدەنرا، بەڵام لەسەردەمی ئێستادا شیعرەو شیعرێکی بێ کەموکووڕیشە، چونکە شاعیری هاوچەرخ و لە ناویشیاندا شاعیری ئێمە زیرەکانەو دەست ڕەنگینانە ئەو کەموکووڕییانەی کەڕەنگە بەهۆی یەکێك لە توخمەکۆنەکانی هۆنینەوەی شیعر بێنە پێشەوە لەڕێی هەڵبژاردنی فیکری جوان و گونجاو و نوێ چارەسەر دەکا و وا لەخوێنەر دەکا لەدەمی خوێندنەوەی شیعرەکەیدا هەرگیز بیری بۆ ئەو توخمانەنەچێ.

من لێرە تەنیا دوو لەتەدێڕ کەیەکەمیان لەسەرەتایەو ئەوەی دیکەشیان لەکۆتایی بۆ نموونەی ئەو جوانییەدەهێنمەوە، (نیگای باڵندەلە ڕوخساری ڕاوچی نێژرا) وێنەو دەربڕینێکی جوان لە باتی ئەوەی پێمان بڵێ ڕاوچییەك باڵندەیەکی کوشت، وای دەربڕیوە. لەدوا لەتی ئەم کۆپلەیەدەڵێ (فێنکایی ئێوارە ناز بەناز دەست و پەنجەی هەولێر لە خەنەدەنا)، فێنکایی ناز دەکا و بەسەر خاکی هەولێردا تێدەپەڕێ و وەك ئەوە وایە هەولێر دەست و پەنجەی هەبێ و لە خەنەبنرێ، هەڵکردنی با و تێپەڕینی بەسەر پووش و پاوانی دەشتی هەولێر هێندە جوان مەزرێنراوە، هیچ خوێنەرێکی وریا و ئاگادار لە شیعر فیکر لەکێش و سەروا و ئاواز ناکاتەوە.

پ- شێوازی تەقلیدی بۆ شێوازی نوێ و کورت و تێکشکاو:

دیارترین شتێك کەوای لە شێوازی شیعری (ڕەنجدەر) کردووە هەم هاوچەرخێتی پێوە دیاربێ و هەم لە بەشێکی زۆری شاعیرانی سەردەمی خۆی جودا ببێتەوە، بریتییە لە خۆ ڕزگارکردن لەوەی لە دونیای ئەدەبی کۆن ناوی نرابوو یەکێتی بابەت لە سنووری تاکە دێڕێك و ئەدەبی نوێی کوردیش یەکێتی بابەتی لەتەواوی شیعرێك دەپاراست و بەشێك لە شاعیرانی هاوچەرخیش هەمان کاریان دەکرد، بەڵام سەباح ڕەنجدەر زۆربەی کات تەواوی فیکرەیەك لە دووتوێی ڕستەیەکدا کۆدەکاتەوە و بەچڕی و پوختی و بێگومان جوانییەوە دەیەهۆنێتەوەو ئەگەر زۆر بڕوا دەیگەیەنێتە دوو ڕستە، ئەمەش خەسڵەتی دیار و خاڵی بەهێزی شیعرەکانییەتی:



**توانیمان بەناو ڕێگا ئاڵۆزەکاندا بفڕین**
**هەنگاوێک ماوەبگەینە منداڵیی**
**م مشتومڕی ئاهەنگی برایەکانم لەگەرمی**
**ئاو سارد بووەوە**
**ن نەگەیشتمە ناولێنانی ئاو**
**د دەستی میراتی ئاو دەگرم و**
**دەڕژێم هەشتان ئەرێ ئاو**
**بڕژێمەکوێ**
**أ ئاوارەیی لە چۆڵایی**
**ئاو ئاسۆی لێ**
**نە کە و تە و ە**
**ل لم هەڵخەڵە تاوترین**
**ئاشقی ئاوە بەمژێک**
**هە ڵێدەلووشێ**
ی پەیوەندی نێوان من
دایك و باوکم و داپیر و
باپیرەم و حەوا و ئادەم
خوا پێویستی پێ نەما فڕێی دا
(بەرگی یەکەم: 105)

هەر ڕستەیەك لەمەی سەرەوە خودان واتایەکی بڕاوەو جوانییەکی نەبڕاوەیەو کەمێك گەمەی

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات



شێوازیش کە لەگەڵ وشەی (منداڵ) دا کراوە، شیعرەکەی هەنگاوێکی دیکە جوانتر کردووە.

وەك باسمکرد، (سەباح ڕەنجدەر) فیکرەکانی چڕدەکاتەوە، ئیجا بەکورتی لە ڕستەیەکدا دەری دەبڕێ، ئەمەش زۆر لەجێیە، بەڵام هێشتا شیعرەکانی زۆر دوور و درێژن کە ئەمە لەگەڵ شیعری هاوچەرخ تەبا نییەو شیعری هاوچەرخ دەبێ تا دەکرێ کورت بێ.

ئەو لە ڕووی شێوازی هۆنینەو هەنگاوی دیکەش چووەتە پێش، وەك شیعری (مەرگی ئاوێنە) و دەیان شیعری دیکە کەجۆرە ئەدەبییەکانی تێکەڵکردووەو ناونان و ناسینەوەیان سەختەو بەمەش خەسڵەتێکی دیکەی هاوچەرختی جێبەجێکردووەکە ژانری ئەدەبی پارا و پەتیمان نییەو ئەوەی هەمانە تێکەڵەیە:

**ئاوی نەفخی سوور خورایەوە**
**خوداوەند**
**فریشتە**
**دەرگای بەهەشتیان**
**لەڕواڵەت داخراو**
**لە دڵەوش کرایەوە**
**کەڵەکی فریاکەوتن**
**پەراسووی ئادەم**
**بزماری ئەو ددانانەن لەسێو ڕەش بوون**
**چارۆگەی پەڕۆی ڕوو بڵندی شەوی پەردەی حەوا**
**شادمانی سەر زەمین**

(نغرۆبوون بۆ من کەنامەی شەڕ کەرەکانم بۆ دایك و باوکە نەخوێندەوارەکانیان دەخوێندەوە نغرۆتر بۆ ئەوەی گوێ لەدەنگوباسی شەڕ دەگرێت و ئاگری شکانی لایەك دەروونی ڕووناك دەکاتەوە نغرۆتریش بۆ ئەوانەی خواردن بۆ بەرەکانی شەڕ دەبەن) (بەرگی یەکەم: 133)

تەوەری دووەم: گۆڕانی زمان:

هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕووی فۆڕم و شێواز و بابەت دەکرێن بەشێوەیەك لە شێوەکان گۆڕانکاری لە زمان دروستدەکەن، چونکە زمان هەم خۆی جەوهەری شیعرەو هەمیش دەربڕی هەموو ئەو توخم و ڕەگەز و بوونانەیە کەلە ناو شیعر دەمەزرێنرێن.

(ڕەنجدەر) وەك هەر شاعیرێکی دیکەی هاوچەرخ خاوەنی زمانی تایبەت بەخۆیەتی، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە وەختێك شیعری هەشتەکانی شاعیر و ئەوەی ئەمدواییەشی دەخوێنییەوە هەست دەکەی هەمان هەناسەو هەمان زمان بۆ هۆنینەوەی شیعری هەردوو سەردەم بەکارهاتووەو ئەمەش کێماسی نییەو زمان و شێوازی شیعری شاعیرەو من ئەگەر وەکو خوێنەرێك ئەوەم لێ قبوڵبکرێ، هەستدەکەم زمانی شیعری هەشتاکانی جوانتریشە، چونکە پتر خۆماندووکردنیان پێوە دیارە. ئەو دووبارە بەهێنانە گۆڕێی زمانێکی تایبەت بەخۆی خەسڵەتی هاوچەرخبوونی لە شیعرەکانیدا تۆختر کردووە، چونکە زمانی شیعری هاوچەرخ زمانی شاعیر خۆیەتی و تایبەتەو لەهی کەسی تر ناچێ:

**لێکدانەوەت بۆ**
**هەڵەی مەرگ و**
**کووژەکەی شین و**



**نەمریی و**

**زیندوو بوونەوە چییە**

**کەڵەکێوی لەگەڵ سووڕانەوەی هەر ساڵێک**

قەفێك لەشاخی بەرزدەبێتە وەو مووی دەوەرێ (بەرگی دووەم: 220)

ئـەو بـۆ ئـەوەی مۆرکـی خـۆی پـتر لـەو زمانـە جیـاوازە پێشـانبدا، پـتر ڕۆچووەتـە نـاو زمانـی شـیعری هاوچـەرخ و ئەگەرچـی کـوردەو ڕۆژهەڵاتییـە، بـەڵام ڕێـژەی بەکارهێنانـی ئـەو وشـانەی کەهێـمان بـۆ شـتی بەرجەسـتە، زۆر زیاتـرن لـەو وشـانەی هێـمان بـۆ دیـاردەو بوونـە واتاییــەکان:

**(یاقووتی ئەنگوستیلە)**

**پەیژەم ناوەتە دیواری چل و حەوتەوە**

**کاتژمێری سەر دیوارەکەی تووڕەم دەکات**

**لەخانوو و ماڵی سەر ئەم بەرزاییە**

**گوڵێکی ناو باخچەییم لێکردەوە**

**کەهێشتان خوناوی شەوی لەسەر مابوو**

**ئەڵقەیەکم خستەناوی**

لەسەر لێوی پەنجەرەی ماڵیانم دانا (بەرگی دووەم: 331)

بـەورد بوونـەوە لـەم شـیعرەی سـەرەوەو هاوێرکردنی وشـە بەرجەسـتەکان لەوشــەواتاییەکان، دەبینیـن ڕێـژەی وشـە بەرجەسـتەکانی وەك (پەیـژە، دیـوار، کاتژمێـر، خانـوو، گـوڵ، باخچـە، خونـاو، پەنجـەرە، ئەڵقـە)، زۆر زیاتـرن لەوشـە واتاییـەکان.

سـەوداکردن لەگـەڵ وشـە، جـا بەرجەسـتەبن یـان واتایـی، لـە شـیعری هاوچەرخـی شـاعیرانی جیهـان جیـاوازە لـە شـیعری هاوچەرخـی شـاعیرانی کـورد، چونکـە شـاعیرانی جیهـان کاتێـك وشـەیان ڕسـتەیەك بەکاردێنـن، ڕێـك ئـەو وشـەو ڕسـتانەن کـە خەڵکـی لـە ژیانـی ڕۆژانـەو لـە قسـەکردنی ڕۆژانــە بەکاریدێنــن، واتــا خۆیــان دوور دەگــرن لەبەکارهێنانــی زمانــی فەرمـی، بـەڵام شـاعیرانی کـورد بـۆ هۆنینـەوەی شـیعرەکانیان زیاتـر پەنـا بـۆ زمانـی فەرمـی دەبـەن کەبـەڕای مـن ئەمـە بـۆ زمانـی کـوردی کارێکـی زۆر باشـە، چونکـە زمانـی نووسـینی ئێمـە تـا ئێسـتاش نەگەیشـتووەتە دوا فۆڕمـی خـۆی، تـا بتوانیـن دەسـبەرداری بیـن و جێگرەوەیەکـی بـۆ بدۆزینــەوە:

**باڵەگەورە فەرامۆشکراوەکانی ئادەم**

**سبەی تۆبەی هەڵگیرسانی کامەپەنایە**

**کێها تامەزرۆیی لوولم دەدات**

**چاوەڕوانی گردێکە لەخۆڵ**

**کانی خۆڵی لێ دەخوات**

لەبەربوونەوەی بارانی خەوسووك و بای خەوگران

ماڵەکانی ناو دۆڵ ئاگریان کوژایەوە (بەرگی یەکەم: 79)

لێرە(ڕەنجـدەر) (کێهـا) ی بەکارهێنـاوە کەلـە ناوچەیەکـی دیاریکـراوی وڵات بـەکاردە هێـنرێ، بـەڵام مـن لەسـەر ئـەو بـاوەڕم ئەمـە پەیوەنـدی بەکارهێنانـی زار یـان شـێوەزاری ناوچەیـەك نییـە، هێنـدەی مەبەسـتی بـووە دووجـار هەمـان جێنـاوی پـرس دووبـارە نەکاتـەوە، چونکـە لـە ڕسـتەی پێشـتر (کامـە) ی بەکارهێنـاوەو ئەگـەر لەڕسـتەی دواتریـش هەمـان کاری بکردبـا، ئـەوا هـەردوو ڕسـتەکە ناقـۆڵا دەبـوون، بـەڵام بەگۆڕینـی جێنـاوە پرسـەکە کەهەمـان واتاشـی هەیـە خـۆی لەمـە ڕزگار کـردووەو شـیعرە کـە جـوان ماوەتـەوە.

تەوەری سێیەم: بابەت:

ئەدەبیاتـی هاوچـەرخ بەگشـتی و لەناویشـیدا شـیعری هاوچـەرخ دەکـرێ لەخۆگـری هـەر بابەتێـك بـن، بـەڵام شـاعیرانی هاوچـەرخ پـتر دەپرژێنـە سـەر ئـەو بابەتانـەی پەیوەندییـان بـە ژیانـی ڕۆژانـەی خەڵـك و نەهامەتی و دەردە سـەرییەکانی خەڵکـەوە هەیـە. پرسـی کـۆچ و کۆچبـەران، ئـەو ڕووداوانـەی ڕۆژانـە لـە بـەردەم شـاعیر ڕوو دەدەن و ئەزموونـی خەڵکانی دیکەکـە شـاعیر خـۆی بینیونـی، بیرکردنـەوە لەگـەردوون و بابەتەفیکرییـە قوڵـەکان، ئەمانـەو دەیـان بابەتـی دیکـەی هاوشـێوەیان دەکـرێ لـەدوو توێـی شـیعرێکی هاوچـەرخ بەزرێنرێـن.

(ڕەنجـدەر) شـاعیرێکی هاوچەرخـەو کـەم باسـی شـوێنی تایبـەت دەکات

و زۆرتر ئەو شوێنانەلە شیعرەکانی جێگیر دەکا کە شوێنی گشتین، تا هەر تاکێکی سەر ئەم گۆی زەمینەلەکاتی خوێندنەوەی شیعرێکیدا خۆی تێدا ببینێتەوە:

**زەوی مەیی خانەدانی خواردوو هتەوە**

**قسەی دڵم دەزانێت و هەمیشە تاجی بیرکردنەوەو پشوودانیم**

پیاڵەیەك مەیم لەزەوی خانەدان وەرگرت (بەرگی دووەم: 233)

زەوی و خەمەکانی و کارەساتەکانی و هەموو ئەو ڕووداوانەی تێیدا و لەسەردەمی شاعیر ڕوو دەدەن، دەکرێ بنەهەوێنی هەر شیعرێکی. بێجگەی ئەمەش بیرکردنەوەکانی خۆشی:



سەباح ڕەنجدەر لە قۆناغی لاوێتیدا

**بیرکردنەوە جەنگێکی ئاسۆییە**

**ئازایی و ئازادیم تێیدا خەواندووە**

**کاتژمێر دەخاتەدەستی**

**درەختەکانی ئەمبەر و ئەوبەری شەقام**

**پانتۆڵێکی ئاوریشمینم لەبەردابوو**

**لەناو باخچە دەڕۆیشتم**

**باخچەش خەونی دەبینی**

**ملپێچە خورییەکەمم لەسەر لکەکانی دانا**

**بێ شومار جگەرەم کێشا**

**پەنجەکانم بەدووکەڵ زەرد بوون**

**کاتی نانخواردن ژن و منداڵەکانم ئارەزوویانە دوور لە من دانیشن**

ئەم نهێنییەم بۆ ئاشکرا نەبوو (بەرگی یەکەم: 169)

ئەو بەدەم ڕێگەو بەدەم جگەرە کێشانەوە خەریکی جەنگێکی ئاسۆییە، جەنگێك کە هیچ کەس تێیدا زەرەرمەند نییە، بەڵام خۆشی تێیدا ناگا بە هیچ. ئەو ئەزمونێکی کەسی هەیە، دەیەوێ تێبگا بۆچی لەدەمی نان خواردندا ژن و منداڵەکانی ئارەزووی ئەوەیان هەیە دوور لەئەو دانیشن، بەڵام ناتوانێ ئەم گرێیە بکاتەوە.

بێجگە ئەمەی سەرەوە، ئەو هەر چەندە بیرکردنەوەی بەجەنگ داناوە، بەڵام ئەوەشمان پێ دەڵێ کە ئازایەتی و ئازادی خۆی لەوێ داناوە، واتەهەر هەنگاوێك کەلە ژیان هەڵیدەگرێ بیری لێدەکاتەوەو لە خۆوە هیچ کارێك ناکا.

نەهامەتیەکانی مرۆڤایەتی و میللەتکەی خۆشی بابەتێك نین کە(سەباح ڕەنجدەر) خۆی لێ گۆردی کردبێ، ئەو بەم شێوەیە کۆچڕەو دەکاتە شیعر:

**سی و یەکی سێی هەزار و نۆسەد و نەوەد و یەک**

**گرفتی تۆفانی کەم کردەوە**

**خەونی بەختەوەری لە بەرزاییەکانەوە دەستی فریای بڵاوکردەوە**

**سەرمای باران بۆمان نەخۆشی بوو**



**ئێستا نمەیە**

دەچێتە ناو بژی ئەسپ و پەڕوباڵی دار سنەوبەرەکانمانەوە

(بەرگی یەکەم: 391)

وەختێك ئـەم شـیعرە دەخوێنییـەوە هێنـدە جـوان نـووسراوە، وا هەسـت دەکـەی کۆچـڕەو خۆشبووە. لـەوێ تۆفـان بەهەمـوو واتایەکـی ئامادەبـوو، بەختـەوەری دەپاڕایـەوە کـە جارێـك ببێتـە بەشـی میللەتەکـەی شـاعیر و نمـەش وەك ئـەوەی هیچـی نەکردبـێ بـژی ئەسـپ و سـنەوبەرەکان تـەڕدەکا.

ئـەو چـڕی و کورتییـەی لـە شـیعرەکانی (ڕەنجـدەر) دا هەیـەو پێشـتر باسـمانکرد، دەرفەتـی ئـەوەی ڕەخسـاندووە لـە دووتوێـی یـەك کۆپلـە شیعردا چەنـد بابەتێکـی جیـاواز بـاس بـکا، یـان چەنـد قسـەیەکی جیـاواز لەبـارەی بابەتێکـەوە بـکات، بەجۆرێـك بابەتێکـی کـۆن بکاتـە پاسـاو بـۆ دوان لـە بـارەی چەندیـن بابەتـی هاوچـەرخ:

**دیمەنەکان پێویستییان بەڕەنگ کردن بوو**

**دەروونم بەئارەزووی چاوم ڕەنگی کردن**

**ئادەم پەراسووی ئاوس بوو**

**حەوای منداڵ دەمی لەمەمکی نەپشکفتوو کوتا**

**قۆڵی لەکراسی دڕاوی زەوی هاوێشت**

**خاتوونی پەراسوو دەستی لەعارد خشاند**

**چاوی بەخۆڵەمێشی هەمیشەیی ڕشت**

**گڵۆپ چڵکی هەڵبوون**

**پەلکەمێوی حەوشەی مزگەفت لێفەی ڕۆژنووستنی شەمشەمە کوێرەیە**

**کەڵەک لەداری تاتەشۆر دروستکران**

**دارە بازە لەپەراسووی ئادەم**

سەنگایی بەردم بۆ ڕانەگیرا (بەرگی یەکەم: 81)

لـەم شـیعرەدا دەروون بـووە بەوەڵامـدەرە وەی هـەردوو چـاو بـۆ ڕەنگکردنـی دیمەنەکانـی ژیـان، بۆچـوون لەبـارەی حـەواو ئـادەم و مردن و پەڕینـەوەو قورسـایی ئـەو بابەتانـەن هەریەکەیـان بەجـودا لەگـەڵ ئـەوەی دیکـە باسـکراوەو کلتـور و فیکـری نەتەوەیەکـی لـەڕێ خراوەتـەڕوو.

هاوچەرخێتـی ئەوەیـە شـاعیر باسـی کلتـور و ئـەو پرسـانە بـکا کـە پرسـی ئێسـتای خەڵکـن بـۆ نموونـە دارچانـدن و پارێـزراوی باڵنـدەکان:

**پاڕانەوەی پێش نوێژ و پاش نوێژم ئەوەیە**

**زوورییەکی بەتاڵ مابێت درەختی لێ بچێنم**

**سێبەری سووک بێت**

**جێی ستایشە درەخت بڕوێ**

باڵندەش بێ ماندوو بوون تێبپەڕن (بەرگی دووەم: 136)


لـە شیعری هاوچەرخـی دونیـا بابەتـی دیکـەش هـەن کەڕەنگـە تـا ئێسـتا لای شـاعیرانی ئێمـە نەبـوو بنەجێـی سـەرنج و ڕامـان و لەبـارەوە نووسـین. هەروەهـا شـێوازی نووسـین و فـەزای نووسـینی جیاوازیـش هـەن کـە دووبـارە هێشـتا لـە شـیعری هاوچەرخـی کـوردی نابینرێـن، بـەڵام ئەمـە مانـای وانییـە هەرچـی لـە ئەدەبـی هاوچەرخـی دونیـا هەیـە دەبـێ لـە ئەدەبـی هاوچەرخـی کوردیـش هەبـێ، چونکـە ئێمـە لـە دەسـپێکی ئـەم نووسینەدا ئەوەمـان خسـتە ڕوو کـە ئەدەبـی هاوچەرخـی هیـچ میللەتێـك بەتـەواوی لەهـی میللەتێکـی دیکـە ناچـێ.

# خەون وەک دەرکەوتە لەبەردەم هەڵچوونی منی شاعیردا

## ڕوانینێك لە كۆشیعری (خەون وا خۆی گێڕایەوە)ی سەباح ڕەنجدەر

ئاری عوسمان خەیات






پێش ئەوەی ڕاوی نادیاریی خەونەکانی شاعیر بکەین لەبەردەم هەڵچوونەکانی خۆیدا، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئەزموونەی کە ئەم داهێنانەی تێدا بەرجەستەکراوە، واتە ناسینی ئەزموون، ناسینی دەقەو بە پێچەوانەشەوە ناسینی دەق بەرەو ناسینی ئەزموونێکمان دەبات، کە پێشتر هیچمان لە بارەیەوە نەزانیوە. بەم چەشنە ئێمە بەرخورد لەگەڵ دەقی شاعیرێکدا دەکەین، کە(بەبێ نیازی پیاهەڵدان)، لێوڕێژە لە ئەزموونی داهێنان، ئەزموونێك ڕووەو ئەبەدییەت.

یەکەم/ شاعیرێك ڕووەو ئەبەدییەتی ئەزموون

ئەگەر بەژمارە بێت، ئەوا شاعیرمان لەم سەردەمەدا گەلێك زۆرن، بەڵام بەئەزموون و بەدەق بێت، نەك هەر شاعیر و شیعرمان نییە، بەڵکوو زۆریش کڵۆڵین لەو ڕووەوە، کەواتە هەمووئەوانەی بەخۆیان دەڵێن شاعیر، یان شاعیربوونیان بۆ کراوە بە بەرگ، ناتوانن شیعر بەرهەم بهێنن، چونکە دواجار شیعر لە دەرەوەی هەر دەرکەوتەیەکەوە، بریتییە لە ئەزموون، بۆیە کەمن ئەو شاعیرانەی بەئەزموونێکی تایبەتی شیعریی دەناسرێنەوە، چونکە ئەزموون پرۆسێسێك نییە بە ئاسانی بەدەستەوەبێت، بەتایبەت ئەزموونی شیعریی، کە پێویستی بە بەردەوامی و هەناسە درێژییەکی گەورەهەیە.

لێرەوە لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا، سەرنجی ئەوە دەدەین، کە(سەباح ڕەنجدەر) یەکێکە لەو شاعیرانەی بەئەزموونێکی شیعریی تایبەتی خۆیەوە ناسراوە، بەوپێیەی هەمیشە هەوڵی داوە هێڵێك لەنێوان خۆی و شاعیرانی تردا بهێڵێتەوە، کە لەڕێگەیەوە جیاوك و جیاوازییەکانی بپارێزێت و بەمەش ناوی سەباح ڕەنجدەر و ئەزموونی شیعری ئەو، وەك دووانەیەك لێکدانەبڕاو دەمێننەوە، هەربۆیە بە خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە، ئێمە وەك وەرگر دەچینە نێو تخووبە دوورەکانی سەرزەمینی بەرینی شیعرەوە، بەڵام ئەو جۆرەلە شیعر، کەهەڵگری وزەیەکی نائاشنایە، نا ئاشنایەتیی بەو مانایەی پێشتر ئێمەی خوێنەر/ وەرگر ئەزموونمان نەکردووەو بەری نەکەوتووین، ئەمەش وادەکات، شیعری ڕەنجدەر ببێت بەچەشنێك لەژیاندنەوەی تواناکانمان و دەرەقەتی هەموو ئەو ناشرینییانە بێین، کەلە دەرەوەکەو توونەتە وێزەی جوانییەکانی دونیا.

ئەم ئەزموونەی سەباح ڕەنجدەر، لەو پنتەوە هێزی خۆی بەدەست دەهێنێت، کەخۆی وابەستە ناکات بە هیچ جۆرە شێواز و فۆرم و زمان و خەیاڵێکی دیاریکراوەوە، هەر وەك خۆی لە مانیفێستی شیعریی (شیعر بەرانبەر ئەبەدییەت)دا جەخت دەکاتەوە و دەڵێت: ((هیچ فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێیە خشییەك تا سەر و ئەبەدیی نییە. فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشی هێزی بەردەوامن و بەناو پێچاوپێچەکانی ژیاندا دەخوولێنەوە. پاش خەمڵین لەکەنارێکی ئارامدا هەڵوەستەدەکەن و دەگیرسێنەوە، بەنیازی خۆئامادەکردن و دۆخگۆڕینێکی تر پشوویك بەئەزموونیان دەدەن.))(1)




کەواتە ئەزموونی شیعر لای سەباح ڕەنجدەر لەناو ژیانەوە چەکەرە دەکات، بەمەش ئەزموونی شیعر دەبێت بەئەزموونکردنی

شیعر خۆی لەنێو خۆیدا، بەمەش توانای داهێنان لای ئەم شاعیرە دەبێت دەرکەوتەیەکی هەمیشە ئامادە، بە جۆرێك کەدەتوانێت هەر شتێك بیەوێ، بیکات بەدەق و لەڕێگەی شیعرەوە بەرەو ئەبەدییەت هەنگاو بنێت، ئەمەش ئەو خاڵە جەوهەرییەیە، کە ئاگایی شاعیر لە خۆیدا مانیفێست دەکات و هەر بۆیە دەبینین هەمیشە ئەزموونی شیعریی ڕەنجدەر دانەبڕاوە لە نووسینی مانیفێستی شیعریی و خستنەڕووی هێڵەکانی نووسینی شیعر، ئەم توانامەندییەش لەڕێگەی تەوزیفکردنی شیعرییەتی زمانەوە گەڵاڵە دەبێت، بەوپێیەی کە خودی شاعیر خۆی لەو بڕوایەدایە، کە ((شیعر لە منداڵدانی زماندا گیانی دێتەبەر و هێزی ڕاستەقینەی شاعیر لەو زمانەدایە، کەشیعرییەتی تێدا ئاشکرا دەکات، نەك لەو زمانەی ژیانی ڕۆژانەی پێ بەڕێوەدەبات، بۆ شیعر سەرکەوتن و دابەزین بەپەیژەی زماندا گرنگ نییە، بەڵکوو نووسینەوەی نۆتەی زمان گرنگە.))(2)

هەر لەو بەستێنەشدا تەوزیفکردنی زمان بەومانایە دێت، کە زمان بەکاردەهێنرێت و بەخەبەر دەهێندرێتەوە، تا ئەوەی ببێت بەڕووداو و ڕووداویش ببێت بەدەق، بەم شێوەیەبە لای شاعیرەوە ((زمان هە میشە خە و تو و ە . لە بە کا ر نە هێنا نید ا بێدەنگە، لەکاتی بەکارهێنانیدا بەخەبەر دێت و دەبێتە دەنگی دلێر، یان دەنگی ڕاگەیاندراو. جا چ لە باری مانا و پەیامداریدا بێت، یان لە باری دەربڕین و کرۆکی جوانی و وێنەی بێگەردا.)) (3) ئەمشێوازەی بەرهەمهێنانی دەقی شیعریی بەلای سەباح ڕەنجدەرەوە، وایکردووە لەوەی خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەی هەر دەقێکیدا هەرجارەی مانایەکی دەست بکەوێت و لەناو یەك ماناییدا قەتیس نەبێت، ئەمەش خەسڵەتێکی تری ئەزموونی ئەم شاعیرەیە، کەجیادەکاتەوە لەو شاعیرانەی تەنێ بەڕیزکردنی وشەوەخەریکن.

دووەم/ گێڕانەوەی خەون لە زمانی خۆیەوە

ئایا ئەوە خەونە خۆی دەگێڕێتەوە، یان خەون بابەت و ڕووداوەو شاعیر دەیگوازێتەوە بۆ ناو تخووبەکانی دەق و دەیکات بەشیعر؟

ئەوەی وایکردووە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەئاسان بێت، گوتەیەکی شاعیر خۆیەتی، کەلە پێشچاوی کۆ بەرهەمی خۆیدا خستوویەتێ ڕوو



سەباح ڕەنجدەر لە قۆناغی لاوێتیدا



سەاباح لەگەڵ ڕەفیق سابیر

و دەڵێت: ((من زیاتر شاعیری هەست و خەونم، نەك بابەت و ڕووداو. کاتێك گوردوون و ژیان بەهەست و خەونبینینی خۆم وێنا دەکەم، ئێستێتیکای شێواز بە پانایی بوون ڕووبەڕووی زمان دەکەمەوە.))(4) لەڕێگەی سێ یەکەی واتاییەوە (سرووش، بلیمەت و پێغەمبەر) شاعیر دەیەوێت، خەونمان بۆ بکات بەدەق، بەمانایەکی تر ئەم سێیە کەواتاییە، دەبن بەکلیلی چوونە ژوورەوە بۆ ماڵی خەون، ئیتر لە وێوە ژوورەو ژووری ئەو ماڵە سەرسوڕهێنەرە دەگەڕێین، کە ئەگەری نەچوونە دەرەوە لێی زۆر بەهێزترە لە هاتنەدەرەوە!

لە پاڵ ئەمەشدا شاعیر لەڕێگەی خەونەوە بە دوای ناونیشانێکدا دەگەڕێت، بۆئەوەی بیکات بەتایتڵی هەموو بوون و گەردوون، کاتێك دەڵێت:

**نووسەری هەموو ژیان لەناو خەون کەوتە سۆراخی ناونیشان**
**گەیشت بەگەورەترین ڕۆشنایی**
**کە ماڵە رووناکە کەیەتی**
**یان دڵ و هۆش و یەکەم بەیانی**

**ڕەنگی پەردەی پەنجەرەی ژووری نووستنی**
**لەڕەنگی چاوی ژنەکەی وەرگرتووە**

(دیوانی سەباح ڕەنجدەر، ب1، ل237)

ڕوانینی شاعیر لەمەڕ خەون، ڕوانینێکی تەواو فانتازییانەیە، بەوپێیەی کەخەون دەهێنێتە زمان و لەڕێگە یەوە دەست بەگێڕانەوە دەکات، ئەمەش دەبێت بەپردێك بۆ پەڕینەوەی چەندین ساتی شیعریی ناوازە بەرەو سنوورەکانی خەیاڵ و لەوێشەوە ئاوێتە بوونیان لەگەڵ زماندا، ئەو زمانەی کە هیچ لەمپەرێك لە بەردەمیدا خۆی ڕاناگرێت و هەرەس دەهێنێت:

**نووسەری هەموو ژیان ناوبژیوانی ئاژاوەکانی زەوی و ئاسمانە**
**چارەنووسمانی لەکتێبی چی ئێمەی هێنا**
**بەخەون چواند بەڵام نەزاندرا بۆ نەینەخشاند**
**گەردەنی ئازاد لەماڵی گەشاوەی خەیاڵ نیشتەجێ کردین**
**خەون سروودی خۆگریی پێ گوتین**

**دەمی حەزیای کلیل دا**

(دیوانی سەباح ڕەنجدەر، ب1، 266)

ئەگەر خەون ئەو پرۆسە بەدیەییەبێت، کەهەموو مرۆڤێك بۆ جارێکیش بێت لە ژیانی خۆیدا ئەزمووني کردووە، ئەوا لای سەباح ڕەنجدەر دەبێت بەخولقاندنەوەی مانا لە ناو مانادا، ئەمەش کردەیەکی شیعریی هەروا ئاسان نییەو بەو سادەییەش بەسەر شاعیردا تێنەپەڕیوە، هەر بۆیە(خەون) تە جاوزی ئەو ئاستە ئاساییەی خۆی دەکات و دەبێت بەهێزێك، کە لە توانایدا بێت (سروودی خۆگریی) ‌مان پێ بڵێتەوە. نەك هەر ئەوهندە، بەڵکوو پرسیاری شاعیر دەکات بەشوێنێك، کە ئیتر تێیدا خەون بۆخۆیشی لێی دەپرسێتەوە، ئەگەرچی هەمیشە ناوی (نووسەری هەموو ژیان) لەپێشی پێشەوەیش دێت:

**کتێبی چی ئێمەی هێنا ئەی گیانی ڕێزلێگیراوی نووسەری هەموو ژیان**

**تارمایی یان خەون یان مرۆڤی روون مانایان بەژیان دا**

**تارمایی یان خەون یان مرۆڤی رون مانایان بەجوانی دا**

**تارمایی یان خەون یان مرۆڤی روون مانایان بەزیندوو بوونەوەدا**

**تارمایی یان خەون یان مرۆڤی روون**

**مانایان بەنەمریی دا**

(دیوانی سەباح ڕەنجدەر، ب1، 267)

بەم شێوەیە (شێوازی خەونیی) دەبێت سیمای دیار بەلای شاعیرەوە، بە چەشنێك کە توانای تێپەڕاندنی داکەوتی هەیەو دەچێتە نێو کۆمەڵێك پێدراویی زمانی و ماناییەوە، کە ئامانجی شیعرییەتیان لە ڕێگەوەپێ دەستنیشان دەکات و خەونەکانی خۆیشی پێ کۆدەکاتەوە، بەمەش ئاسۆیەکی روون بەسەر خۆی و دەوربەر و سەرجەم دەرکەوتەکان بووندا واڵا دەکات، لەکاتێکدا زمان لە ناو ماڵی خەوندا ون دەبێت، هەر وەك شاعیر دەڵێت:

**ماڵی خەون ژوورەکانی لەناویەکدان**

**هاتوچۆکردن تێیدا جەژنێکی داگیرساوە**

**خانووی یەک نهۆمن**

**زەوی لەژێر پێی دانیشتووان خەونی ئەسپ دەبینێت**

(دیوانی سەباح ڕەنجدەر، ب1، ل267)

بەم پێودانگە لە دایکبوونی خەونی ئەفسانەیی لە ناو ئیستاتیکای شیعردا دەبێت بەمیکانیزمێك بۆ داهێنانی وێنەگەلێك، کە تێیدا پانتایی لۆجیك خۆی بۆ جۆرێك لەجۆرەکانی سوریالییەت ڕادەخات و دەبێت بەو سەرزەمینی کە شاعیر لێیەوە پەنای خۆی و خەونەکانی خۆی دەدات:

**لە شکرێک بەدیل گیرا**

**سەرلە شکریان کە شتییەوان بوو**

**خەونی بازی بینی هێلانەی**

**لێوڕێژ هێلکەیە**

**ئەی خەونی ماندوو**

**خەزێنەت باش چاودێر**

**بکە**

**کلیل و قوفڵی بە**






**ئاگایـی بێپەیمانـە**

**ئاسمان لە کوێ شکۆی ئەستێرەی تێ دەکەویت...**

(دیوانی سەباح ڕەنجدەر، ب1، ل238)

ئەمـە یـە خـەونی ئەفسـانەیی، کەجێـی عەقـڵ تێیـدا تـەواو لاوازەو خۆی بۆ ئەگـەرەکانی تـری دەرکەوتنـەوەی زمـان دەکاتـەوە، بەومانایـەی کـە دنیـای




نادیـار و هەڵچوونـەکانی شـاعیر لەڕێگـەی خسـتنەگەڕی هێـزی هەمیشـە دەسـەڵاتمەندی خەونـەوە ترۆپـکی ئـارەزووەکان دەتەنێـت و لـە پێنـاو چـوون ڕووەو جیهـانی نـەدۆزراوەدا دەسـت بـە سـەفەری خـۆی دەکات، ئـەم پێکهاتەیـە لـە گوزارشـت و چەمـکی ملکەچنـە بـوو بـۆ هیـچ جـۆرە یاسـا و ڕێسـایەکی عەقـڵ و لۆجیـك، دەلاقەیـەی تـر بـەڕووی داکـەوتی

ئاسایی و بەردە ستدا وازدەکات، هەربۆیە خەونی شاعیر لەگەنجینەی نەست و نائاگاییەوە سەرچاوەی گرتووەو بەرپێگرتنی ئاسان نییە، چونکە ئەو، لە(پاوانی خودایی)دا ئەسپی خۆی مەست دەکات:

**باز مرد پێ ڕانەگەیشت**

**هێلکەکانی بترووکێنێت و بێچووەکانی تەواو ئاشق و بێباک بکات**

**باز ئەی گیانی پەتی**

**بەخۆت و ئەو بێچووانەت دەتەوێ چی بکەی**

**ناکامییەکانی خەون وریایان نەکردیتەوە**

**ئەسپەکەم نزیک کوختێکی دارین لەپاوانی خودایی مەست کرد**

**تا فریا بکەوم گەشتەکەم تەواو بکەم**

(دیوانی سەباح ڕەنجدەر، ب1، ل237)

ئەوەی لەم خەونەدا دەتوانین بەرجەستەی بکەین، ئەو هاجسی دۆزینە وەو ئاشکراکردنی واتای زیاترە، ئەو واتایانەی کە لە هەناوی ئەو چەمکانەدا خۆیان مەڵاس داوە، کەسەر بەپانتاییگەلێکی ترن، ئەو پانتاییانەی شاعیر دەیەوێت خەون بەرێتە ناویانەوەو لەوێشەوە دیسانەوە لەبارەیەوە بدوێت و بیگێڕێتەوە، چونکە دواجار لە ناو گێڕانەوەدا خەون خۆی دەکات بەئاخاوتنی سەرەتاکان، ئەمەش دەبێت بە ئامرازێك لە پێناو مەعریفەتێکی نالۆجیکی، بەوپێیەی کەنەست باڵادەستی یەکەمی پرۆسێسەی بەرهەم هێنانی شیعرییەتە لە ناو کۆی دەقەکەدا:

**باران مزگێنیدەرو ڕابەرمانە**

**بەدڵۆپە گەورەکانی مانی بەزەمینی جوانی شکاند**

**بەو دڵنەرمی و وریاییەی بەناو شکۆی کێڵگ ڕۆیشت**

**شارێکی تەڕ و پاراو و بەپیتی بۆ بنیادناین**

**بارانەو باران**

**خەونەو خەون**

**ئاسمانەو ئاسمان**

**زەمینەو زەمین**

**ڕووەکی فەرامۆشکراوی بانگەێشت کردەئاسۆی ناوداری بریق و باقی ژیانی نیشان دا...**

(دیوانی سەباح ڕەنجدەر، ب1، ل296)

بەم شێوەیە شەپۆلی دەستەمۆ نەکراوی خەون، بەدوایەکدا هورووژم دەهێنن و ئەمەش کەشێك لەگێڕانەوەی شیعری بەرهەم دەهێنێت، کەخوێنەر لەئەنجامدا لەگەڵ چەندین ماناو دەلالەتی دیکەدا بەرخورد دەکات و دەرئەنجامیش فۆرم و شێواز خەیاڵ و نوێبەخشی دەبن بەو پێنج هێڵەسەرەکییەی کەپێکەوە دەڕۆن و تێکەڵ بەشیعرییەت دەبن و بەمەش هێزی خۆیان لەدوا خاڵی باش بەکارهێنانیاندا گەڵاڵەدەکەن، هەروەك شاعیر خۆی ئەمەی (شیعر بەرانبەر بە ئەبەدییەت)دا بەیان کردووە.(5)

* سەرچاوە پەراوێزەکان:

(1) شیعر بەرانبەر بەئەبەدییەت (مانیفێستی شیعری)، سەباح ڕەنجدەر، گۆڤاری هەنار، ژمارە(92)، سێپتەمبەری 2013، ل21.

(2) سەدو یەك شەوە، سەباح ڕەنجدەر، چاپی یەکەم، هەولێر، 2008، ل.

(3) شیعر بەرانبەر بەئەبەدییەت (مانیفێستی شیعری)، ل22.

(4) دیوانی سەباح ڕەنجدەر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، 2018، ل3.

(5) دەروانرێتە: شیعر بەرانبەر بە ئەبەدییەت (مانیفێستی شیعری)، ل23.



# سەباح سابیر حەسەن: سەباح ڕەنجدەر

- لە 1965/11/18 لە هەولێر لە دایكبووە.

- خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی سـاڵی 1985 لـە هەولێـر تەواوكـردووە.

- لـە سـەرەتای هەشـتاكانەوە لەنـاو واقیعـی نووسـیندا بـەدوای ڕووناكـی نهێنیـدا وێڵـە و لـە واقیعـی زەینیشـدا مامەڵـە لەگـەڵ شـیعر دەكا و بـەر ئەگەرەكانـی بوونـی دەخـات.

- ئەم كتێبانەی لە ئەدەبی كوردیدا نووسیوە:

1ـ زێوان: 1988، ڕۆمانە شیعر.

- چاپی دووەم: 2004.

- چاپی سێیەم: 2009.

- چاپی چوارەم: 2012.

2 - ڕووەكەكانی خوداوەند: 1999، شیعر.

- چاپی دووەم: 2006.

- چاپی سێیەم: 2012.

3 - خەون وا خۆی گێڕایەوە: 2004، شیعر.

- چاپی دووەم: 2012.

4 - شەڕی چل ساڵە: 2005، شیعر.

- چاپی دووەم: 2012.

- چاپی سێیەم: 2018.

5 - مردوویەك ئاگای لە هەمووانە: 2008، شیعر.

- چاپی دووەم: 2010.

- چاپی سێیەم: 2012.

- چاپی چوارەم: 2017.

6 - سەد و یەكشەوە: 2008، شیعر.

- چاپی دووەم: 2012.

- چاپی سێیەم: 2018.

7 - ساڵی سفر: 2010، شیعر.

- چاپی دووەم: 2012.

- چاپی سێیەم: 2017

8 - سروودی زەوی: 2012، شیعر.

- چاپی دووەم: 2012.

- چاپی سێیەم: 2018

9 - سی ساڵ شیعر: بەرگی یەكەم 2012، كۆبەرهەم، شیعر.

10 - سی ساڵ شیعر: بەرگی دووەم 2012، كۆبەرهەم، شیعر.

11 - حەزدەكەم ئەوەندە بژیم: 2015، شیعر.

12 - نامەی نێوان ئەدیبان: 2017، نامەی ئەدەبی.

13 - دواكەوتن لە كەشتیی نووح: 2018، شیعر.

14 - دیوانی سەباح ڕەنجدەر: بەرگی یەكەم 2018، كۆبەرهەم.

15 - دیوانی سەباح ڕەنجدەر: بەرگی دووەم 2018، كۆبەرهەم.

16 - چوار كتێب لەبارەی شیعرەوە: 2019، گوتار و بیروڕای ئەدەبی.

